

# ڤێکلاس Vklass جێگەی یارنتۆریەت Hjärntorget دەگرێتەوە

**لە مانگی ئاب (ئەگوستی)ەوە دەست دەکەین بە بەکارهێنانی ڤێکلاس لە جیاتی یارنتۆریەت. لێرەدا دەتوانیت زیاتر لەسەر ڤێکلاس بخوێنیتەوە و بزانیت چۆن بەکاردەهێنرێت.**

تۆ دەتوانیت لە ڤێکلاسدا بەدواداچوون بۆ گەشەکردنی زانست و ئامادەبوونی خوێندکار بکەیت ، هەروەها ووتوێژی ڕەوتی گەشەکردنی خوێندکارەکەی پێدەبرێت بەڕێوە و پەیوەندی بە خوێندنگاوە پێدەکرێت.

ئێمە بەردەوام دەبین لە بەکارهێنانی گوگڵی پۆل Google Classroom بۆ کاروباری وانەگووتنەوە بە هەمان شێوە هەر وەک جاران ، تەنانەت پاش قۆناغی گواستنەوەش لە یارنتۆریەتەوە بۆ ڤێکلاس.

**چوونە ژوورەوە بۆ ناو ڤێکلاس لە وەرزی خوێندنی پایزی 2022ەوە**
تۆ دەتوانیت لە دەستپێکی وەرزی خوێندنی پایزەوە بچیتە ژوورەوە بۆ ناو ڤێکلاس و بەکاری بهێنیت. تۆ دەتوانیت ئاپی- ڤێکلاس لە App Store یان لە Google Play داگریت یان بچیتە ژوورەوە لە ڕێگەی www.vklass.se .

کە تۆ دەچیتە ژوورەوە بۆ ناو ڤێکلاس، لە ڕێگەی ئاپ یان وێبەوە دەبێت ڕێکخراوی"*Göteborgs stad UBF*"هەڵبژێری. پاشان سەرپەرشتیار "*Logga in med Göteborgs Stad EID*" هەڵدەبژێریت و بە بانک ئیدیٚ BankID دەچیتە ژوورەوە، بەڵام خوێندکار بە کۆنتۆی خوێندنگای خۆی دەچێتە ژوورەوە.

بۆ ئەوەی تۆی سەرپەرشتیار بتوانیت پەیامی کەسیی لە خوێندنگاوە وەرگریت و بنێریت گرنگە کە یەکەمین جار دەچیتە ژوورەوە بۆ ناو ڤێکلاس ئیمەیڵەکەی خۆت بنووسیت. تەنانەت تۆ ژمارە تەلەفۆنەکەی خۆشت بخەرە ناوی بۆ ئەوەی کورتە پەیامت sms پێ بگات کاتێک خوێندکارەکە نایەتەوە.

**پەیوەندیکردن لە ڕۆژی 30 حوزەیران (یونی) ەوە**
لە ڕۆژی 30 یونیەوە چیدی خوێندکاران و سەرپەرشتیاران ناتوانن بچنەوە سەر یارنتۆریەت. ئەگەر پێویستی کرد بەر لە دەستپێکردنەوەی وەرزی خوێندنی پایز پەیوەندی بە خوێندنگاوە بکەیت، ئەوا ڕێنماییتان دەکەین کە بە تەلەفۆن یان بە ئیمەیڵ پەیوەندی بکەن. زانیاری بۆ پەیوەندیکردن لە ماڵپەڕی خوێندنگاکەدا دەدۆزیتەوە.

**پاڵپشتی کردن و مەتریاڵی پشتگیریی**

زانیاری زیاتر دەربارەی چوونە ژوورەوە و پاڵپشتیکردن لەم ماڵپەڕەدا دەدۆزیتەوە:

Vklass.educ.goteborg.se

**ئەگەر چەند پرسیارێکت هەیە؟**

ئەگەر تۆ پرسیار یان بۆچوونێکت هەیە، ئەوا بەخێرهاتنت لێدەکەین  و پەیوەندی بە خوێندنگاوە بکە.